لە سوریا،گ سە ئەندامی هێزەکانی حکومەت و میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران کوژران

لە دوو هێرشی جیاوازدا، لە گوندەواری سنووری دێرزوور و حومس لە سوریا، سێ ئەندامی هێزەکانی حکومەت و میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران کوژران و ژمارەیەکی دیکەشیان بریندار بوون.

سەرچاوەیەکی سەربازی لەو هێزەکانی حکومەت لە شارچکەی سوخنە لە ڕۆژهەڵاتی حومس ڕایگەیاند، دوو چەکداری نەناسراو ئەندامانی حکومەتیان لە بازاڕی شارچکە کردووەتە ئامانج.

ناوبراو بە ئاژانسی نەرس پرەسی ڕاگەیاند، هێرشەکە بووەتە هۆی کوژرانی دوو ئەندامی هێزەکانی حکومەت، هاوکات دوو هێرشبەرەکە توانیویانە هەڵبێن.